گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وەسف لە ڕۆمانی (بەڕێگاوە)ی دڵشاد کاوانی دا

م. طلعت محمد عزيز
بەشی زمان کوردی کۆلێژی پەروەردە- ئاکرێ
زانکۆی دهۆك، دهۆک
talaat.mohammad@uod.ac

م. هاوکار جميل محمد
بەشی تەکنیکی تەلارسازی
کۆلێژی تەکنیکی شەقڵاوە ، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
hawkar.mohammed@epu.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/٢٧**
**پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/٤**
**بلاو کردنەوە: زستانی ٢٠٢٣**

**ووشە سەرەکییەکان**
*Description Technique, Description Task, View, on the way, Violence.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.2

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی **(وەسف لە ڕۆمانی (بەڕێگاوە)ی دڵشاد کاوانی دا)**، وەسف یەکێکە لەو لایەنانەی کە نووسەران زۆر پەنای بۆ دەبەن بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و درێژەدان بە بابەت و ڕووداو دەرخستنی شوێن و کەسایەتییەکان، لە ڕۆماندا ئەم تەکنیکە زیاتر هەستی پێدەکرێت بە بەراورد بەدەقەکانی تر، ئەمەش زیاتر بۆ فراوانی سنوری ڕۆمان و زیاتر پێویستی بە دەرخستن و پێدانی زانیاری زیاتر هەیە لەسەر ڕووداو و کەسایەتی و شوێنەکان.

ڕۆماننوس لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی سەرکەوتوو مامەڵەی لەگەڵ ئەم تەکنیکە کردووە، سەرکەوتوانە وەسفی ڕووداو و دیمەنی جۆراوجۆر و شوێن و کەسایەتی و لایەنی دەروونی کەسایەتییەکان کردوە و مامەڵەی لەگەڵ جۆرەکانی کردووە، بەوەی کە لەهەر جۆرێکی وەسف دەربڕینی جیاواز و سەرنجڕاکێشی باسکردووە، کە بەم جۆرە

هەردەربڕینێک لەمانە شێوازێکی تری بەڕۆمانەکە بەخشیووە، کە زیاتر پەیوەندی بە توانا و هەست و مامەڵەی ڕۆماننووسەوە هەیە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەستەکانی زمان، بەم هۆیەوە توانیویەتی بەم وەسفە جیاوازانە، جوانی و ناوەڕۆکێکی سەرنجڕاکێش بە ڕۆمانەکە بدات و سەرنجی خوێنەری بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەشێوەیەك وا لە خوێنەر بکات، کە لەگەڵ هەر وەسفێک دیمەنێکی جیاواز و تازە و سەرنجڕاکێش ببینێت و چاوەڕوانی وەسف و دیمەنی جیاوازتربێت، ئەمە وادەکات خوێنەر بەردەوامبێت لە خوێندنەوە تا کۆتایی. لێرەدا ئێمە هەوڵمانداوە بە ڕێبازێکی شیکاری تەکنیکی وەسف لەم ڕۆمانەدا شیبکەینەوە و گرنگترین جۆری جۆرەکانی وەسف دەستنیشان بکەین کە لە ڕۆمانەکەدا بەکارهاتووە.

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی **(وەسف لە ڕۆمانی (بەرێگاوە)ی دڵشاد کاوانی)** دا، وەسف یەکێکە لەو تەکنیکە گرنگانەی و لەم لایەن و ڕێگایانەی کە نووسەران پەنایان دەبردەبەر بۆ دارشتنی هەست و بیری خۆیان بەرامبەر بە دیاردەکان و ئەو دیمەنانەی کە دەبینن، ......... یەکێك بووە لەو ڕۆماننوسە هەست ناسکانەی کە لە ڕێگەی وەسف و جۆرەکانیەوە، کومەڵێك وێنە و داڕشتنی جوان لە نێو ڕۆمانەکەی ڕەنگی داوەتەوە، کومەڵێك دەربڕینی جوان و سەرنج ڕاکێش لەنێو ڕۆمانەکەی داڕشتووە، ئەمەش توانای نوسەر و باڵادەستی بەسەر زمان و بیرتیژی نوسەر نیشان دەدات، لێرەدا هەوڵمانداوە بە ڕێبازێکی وەسفی شیکاری ئەو وەسف و جۆرانەی وەسف دەستنیشان بکەین، کە نوسەر لە نێو ڕۆمانەکانی ڕەنگی داوەتەوە و بەکاریهێناوە.

**پەیکەری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێك دێت:**

**بەشی یەکەم:** لەم بەشەدا ئەم بابەتانە باسکراوە (وەسف وەك تێڕوانینێکی تیۆری، چەمک و پێناسەی وەسف، جۆرەکانی وەسف لە ڕۆماندا).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەشــی دووەم:** لەم بەشـــەدا لایەنی پراکتیکی بابەتەکەیە، کە لێرەدا ئەم بابەتانە باســکراوە (ڕەنگدانەوەی وەسف لە ڕۆمانی بەرێگاوە، جۆرەکانی وەسف، ئەرکەکانی وەسف) .

لە کۆتاییدا گەیشـتینە ئەو ئەنجامانەی کە ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا توانیویەتی بەشـێوەیەکی ســەرکەوتوانە مامەڵە لەگەڵ وەســف و جۆرەکانی بکات، بیانخاتە ناو چوارچێوەی ڕۆمانەکانی و دەربڕین و جوانیەکی تر بە ڕۆمانەکانی ببەخشـێت و ســوود لە هەسـت و دەوڵەمەندی زمانی کوردی وەربگرێت و تێکەڵ بە کەسایەتی و شوێن و ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی بکات.

## بەشی یەکەم

## وەسف وەک تێڕوانینێکی تیۆری

### ١-١ زاراوە و پێناسەی وەسف:

وەسف وەکو زاراوەیەکی گشتی و بەربڵاو چەندین وشە و زاراوەی جیاوازی بۆ بەکاردێت، کە هەریەکە و بەپێی تێگەیشــتنی زاراوەیەکی بەکارهێناوە، هەروەها لە نێو نەتەوە جیاوەزەکانیش هەر وڵات و نەتەوەیەکی جیاواز وشــە و زاراوەی تایبەت بە خۆیان بە کارهێناوە، وەك لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار وشـەی ((وەسـف و وشـەی سـتایش و یان سـالوخەتدان بەکاردێت و لە زمانی عـەرەبیـدا (الوصــف) بـەکـاردێـت، لـە زمـانی فـارســیـدا (وصــف) و لـە زمـانی ئینگلیزیـدا (portrait)بەکارهاتووە، وەســف زاراوەیەکە زیاتر بۆ ڕونکردنەوەی شــتێك و زیاتر نیشــاندان بەکاردێت.(ئەلوەنی، 2011: 97)، ئەم وەسف لەگەڵ دەرونی مرۆڤ بەردەوام بووە ((وەسف لەگەڵ ســروشــت و دەرونی مروڤدایە وتایبەتی لە ســەردەمە ســەرەتاییەکانی کۆمەڵگەدا لەم کاتەدا مروڤ ئارەزوی لاسایکردنەوەی دیارە سروشتییەکان دەکات بە شیعر وێنە یان دەگرێت)(عزیز، 1990: 84) وەسف تەکنیکیکی گرنگە کە لە نێو دەقەکاندا نووسەرەکان مامەلەی لەگەڵ دەکەن، ئەمەش زیاتر بۆ دیارخستن و پێدانی زانیاری زیاترە لەسەر ڕووداوەکان یان کەسایەتییەکان، ((مەبەستی ڕاستەقینە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە وەسفکردن، چەسپاندنی ئەو دیمەنانەیە لە بیر و هۆشی خوێنەردا، کە بایەخێکیان لە چیرۆکەکە دا هەیە، وەك وەســفکردنی ئەو شــوێنەی دەبێتە شــانۆی کارەســات و ڕووداوەکانی چیرۆکەکە، یان دیمەنێکی ئەوتۆ کە کارێکی گەورە بکاتە ســەر ئەنجامەکەی ))(ســابیر، 2009: 100)، بەم هۆیە دەبینین کە تەکنیکی وەسـف زیاتر شـتەکان لای خوێنەر بەر چاو دەخات و ڕونکردنەوەی بۆ دەکات و ئاشــنای دەکات بەوبابەتە یان ئەو کەســایەتییە یان ئەو شــوێنە ....... هتد،کە لەلای خوێنەر گرنگی پێدراوە و لەبیر و هۆشـی دا چەسپاوە، هەروەها زۆر جار دەبینین وەسـفکردن بە سـوود بەخشـین بە وەسفکراو پێناسەکراوە((وەسف پرۆسەیەکە نا پەیوەستی ئامانجدەری سوود بەخشانەیە و ئامادەیی ئەرکی تێگەیاندنە، وەســف لە پێناوی تەواو کردن و ڕاڤەکردنە))(قەندیل، 2011: 107)، زۆرجار وەسـف بەوە پێناسـەدەکرێت کە دەرخسـتن ونیشـاندانی لایەنە نادیارەکانی شـتەکانە هەروەکو ابن رشیق دەڵێت: (( وەسف لە بنەڕەتدا ئاشکراکردن و دەرخستنی شتەکانە))(سعید، 1948: 9)، وەسف لەگەڵ سروشـتی مرۆڤەوە بوونی هەبووە، ((مەیلێکی خۆرسکە لەگەڵ خودی سروشـتی مرۆڤایەتیە کـە مرۆڤ جیهـانی پێ دەدوزێتـەوە و جوانکـارێکـە لـە نێو جوانکـاریـەکـانـدا))(گـەردی، 2002: 119).هەروەها دەبینین هەندێ جار وەسف بە سوود وەرگرتن لە کەرەستە زمانییەکان بە شێوەیەکی فراوان گوزارشـت لە شـتەکان دەکات و دایان دەڕێژێت، ((وەسـف وێنە گرتنێکی زمانییە، لە شـێوەی داڕشــتندا پێشــکەش دەکرێت))(محمد، 2011: 22) ، بەم هۆیەشــەوە دەبینین کە زۆر جار وەســف بەشـێك لە ڕوداو و کەسایەتییەکان، بەشـێوەیەکی هونەری بەهۆی زمانەوە گوزارشـتیان لێ دەکات و وێنەیەکی جیاواز تریان پێ دەبەخشـێت لەوەی پێشـووتر، ئەم وێنە جیاوازەش خۆی وەك وێنەیەکی هونەری تازە دەنوێنێت، (( وەسـف گوتارێکە ناو لە هەموو ئەوانە دەنێت کە هەن، سـیفەتی تایبەت و جیا کەرەوەیان پێدەبەخشــن، هەروەها جیایان دەکاتەوە لەناو ســیســتمی بوونە هاوشــێوە و جیاوازەکاندا))(عوسـمان، 2008: 17)، کەواتە وەسـف لە ڕێگەی دەربڕینی جیاوازتر و تازەتر لەوەی پێشـوو یان بنەڕەتیەکە ،هەڵدەسـتێت بە دروسـت کردنی وێنەی جیاواز بۆ بابەتەکان یان شـوێنەکان یان کەســایەتییەکان....هتد، بە جۆرێك کە وێنەی تازەیان بۆ دروســت دەکات کە جیاواز بن لەوانەی پێش خۆیان، هەروەها دەبینین کە (( لە کۆندا لە ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبی میللەتانی تردا وەســف خۆی لە خۆیدا ئامانجێك بوو، ئەویش بەجوانکردنی بە وشــەی لە بار و ســەنگین و بە زمانی پاراو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

))(ئیسماعیل، 2009: 19)، وەسف وەکو کەرەستەیەکی گرنگ سەیر دەکرێت لە نێو دەقەکاندا بۆ دروست کردنی وێنەی زەینی سەرنجراکێش، بەشێوەیەك کە کاربکاتە سەر هەستی خوێنەر، لەم ڕوانگەیەشەوە دەبینین کە وەسف بەم شێوەیە پێناسەکراوە : (( وەسف بریتییە لە ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ وێنەگرتنی شوێن و کارەکتەرەکان وە بە جوڵێنەری سەرەکی ڕوداوەکان دادەنرێت، کە ئامانجیش لەم وەسفکردنە بەخشینی وێنەی زەینیە لەسەر دیمەنێك یان کارەکتەرێك، یان هەستێك بە خوێنەر))(ئیبراهیم ،2015: 114) ، بەم هۆیەشەوە دەبینین، کە نوسەر چەندین وێنەی وەسفی هونەری بە شێوەی جیا جیا لە دەقەکاندا دروست دەکات، کە زیاتر خوێنەر بەرەو لای دەقەکە ڕادەکێشێت و ئاشنایەتی لەگەڵ دەقەکاندا پەیدابکات، هەروەها دەبینین کە نووسەرە جیهانییەکان گرنگی زۆریان بەم هونەرە داوە و لە سەرەتای بەرهەمەکانیان دا بە وەسف دەستیان پێدەکرد وەك ((فلۆ بێر، کە لە پێشدا وەسفی شوێن و دیمەنەکانی دەکرد، ئینجا تراژیدیای ئینسانی تێ دەئاخنی))(ئیسماعیل، 2009: 20) ،بەم هۆیەشەوە دەبینین ئەم تەکنیکە لە نێو ڕۆماندا بە شێوەیەکی فراوان بەکار دێت ، دەتوانین بڵێین کە بە شێوەیەکی گشتی بەشێکی زۆری ڕۆمانەکان ئەم تەکنیکەیان تیادا بەکاردەهێنرێت ،بەڵام بەشێوەی جیاواز و بەپێی پێویستی چیرۆکەکە، لە ڕۆمانی بەرێگاوە کە سنوری لێکۆڵینەوەکەی ئێمە تەنها لەچوارچێوەی ئەمەدایە، دەبینین کە کۆمەڵێك وێنەی وەسفی تیایدا بەکارهێنراون، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین.

**٢-١ تەکنیکی وەسف لە ڕۆماندا:**

وەسف لە ڕۆماندا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێ و زۆر گرنگە، شوێنی دیکۆر دەگرێت کاتێک وەسفی شوێنێک دەکرێت لە ڕۆماندا.

(فلیپ هاموون) وەسف لە ڕۆماندا دابەشی چوار بەش دەکات:

کرۆنۆلۆژیا: وەسفی کاتی پێ دەکرێ.

تۆبۆگرافیا: وەسفی دیمەن و شوێنی پێدەکرێ.

پرۆنۆگرافیا: وەسفی شێوەی دەرەوەی کەسەکانی پێدەکرێ.

ئیتۆبیا: ئەمەیان وەسفی کەسانی مەجازی و خەیاڵی پێدەکرێ.

بەڵام (د.حمید لحمێدانی) پێی وایە کە (پرۆنۆگرافیا وئیتۆبیا) لە خزمەت (کرۆنۆلۆژیا و تۆبۆگرافیا)یە(نجیمی، 2000: 70).

**٣-١ ڕێگاکانی وەسف لە ڕۆماندا:**

وەسف بە دیالۆگ: ئەمەیان بریتییە لە دەقێکی تەواو لە ڕووی تێگەیشتن و ماناوە، کە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجام دەدرێت لە ڕێگای دیالۆگەوە وەسفی شوێن و دیمەنەکان دەکات.

آ- وەسفی سادە: ئەم جۆرە وەسفە (لەم دەقانە بەدەستدەکەوێت کە ڕستەیەکی وەسفی بچوک، کە هەندێ پێکهاتەی سادەی بچووکی تێدایە)(محفوظ، 2009: 49) ئەم جۆرەیان بە کورتی وەسفی کەس و شتەکان دەکات ناچێتە نێو وردەکاریی ناساندن.

ب- وەسفی لێکدراو:

وەسفی پەرشو بڵاو: ( ئەم جۆرە وەسفە خۆی حەشاردەدات لە پشت کەلوپەل و دیمەن و تابلۆکان، بە شێوەیەک ڕێگا دەدات ببێتە تەوەرێکی زاڵ کە گێڕانەوە بچێتە ژێر باڵی)(محفوظ، 2009: 49) لێرەدا ڕاستیەک خۆی دەردەخات کە پەیوەندی لە نێوان وەسف و گێڕانەوە کە چەندە دەچنەوە ناویەک و کار لە یەکتر دەکەن، ئەم جۆرە وەسفە دەتوانێت بابەتگەلێکی چیرۆکئامێزمان بۆ بگێڕێتەوە کە تواوەن لە نێو ڕووداوە ئاشکراکان، بە واتایەکی تر ڕۆماننووس دەتوانێت یاری بە گێڕانەوەکان بکات( دەکرێت دەقێک بدۆزیتەوە تانیا وەسف بێت، بەڵام زەحمەتە دەقێک بدۆزیتەوە تەنیا گێڕانەوە بێت، بۆیە ئەو یاسایەی کە گێڕانەوەی دەچێتە ژێر باڵی جیاوازە لەوەی وەسف دەچێتە ژێر باڵی) (لحميداني، 1991: 78) ئینجا گێڕانەوەی چیرۆکە تواوەکە لە خزمەت چیرۆکە ئاشکراکە دابێت یان دژی بێت.

ج- وەســف بە ڕووداو: ئەم جۆرە وەســفە لەناو دەقی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بەدیدەکرێ، لە کاتی دیالۆگەکانی کەســەکانی ناو ڕۆماندا ئاماژەیەکی ناڕاســتەوخۆ بە شــوێنی ڕووداوەکان دەکات، دیمەنەکان پیشــان دەدات و دەیخاتە مێشـکی خوێنەر، کە ڕووداوەکە لە کامە پنتی جوگرافی و کامە لایەنی ڕووداوەکە دەگوازێتەوە.

د- وەسـفی ئازاد: ( ئەم وەسـفە لە ڕوخسـاردا وا پیشـان دەدات کە دابڕاوە لە گێڕانەوەی ڕۆمانی، لە دیمەنی بچووک دەردەکەوێـت یـان گێڕانەوە ڕادەگرێـت و خۆی دەکـات بەنـاو دەقـدا، ئەم جۆرە کەرســتەیەکی هونەرییە خۆی لە خۆیدا وەســف و وێنەیە، دیمەن پێش دەخات بە دیمەن و هێما گوزارشت لە دەروونی کەسەکان دەکات)(محفوظ، 2009: 49).

**٣-١ وەسف لە ڕێگای زمانی: وەسف لە زماندا بە دوو ئاست دەکرێ:**

آ/ گێڕانەوەی کلاسیکی:

ب/ گێڕانەو بە بەکارهێنانی شـێوازگەری لە وەسـفدا، کە زۆر جار ئەم جۆرە وەسـفە لە شـێوازگەری شیعری لە یەکتر نزیکە. ( گوفتارەکان لە زمانی پەخشانی و پەیوەندی لەگەڵ ماناکەی، پەیوەندییەکی تەواو و یەکانگیری هەیە لە نێوان دال و مەدلول، بەڵام زمانی شـیعری پەیوەندییەکی دوور دروسـت دەکات هەر بۆیە بە ئاسـانی پەیوەندی لە نێوان دال و مەدلول دروسـت نابن)(حسـون، 2016: 356) لێرەدا وەســفی شــوێن و کەلوپەلەکـان دوور نەکەوێتەوە لە مەدلول زەمەن نـاوەســتێ لەکـاتی وەسفکردندا، بەڵکو دەبەسـترێتەوە بە جوولەی ڕووداوەکان و ڕوانگەی کەسـەکان بۆ شـوێن و ئەوەی پەیوەندی پێوە هەیە.

ناکرێت زمانی بەکارهاتوو لە ڕۆماندا لە یەک ئاســت دابنرێت، چونکە ئاســتەکەکان یەکتربڕن، لە ڕۆماندا یەک زمانی بەکارهاتوو و یەک شــێواز نییە لە یەک کاتدا( پێکهاتەی زمانی لە یەک ڕۆماندا جیاوازن، ڕۆماننووس کۆیان دەکاتەوە کە نێو ئاماژە بۆکراوەکاندا هەر بۆیە پێکهاتەی زمانی هەر یەکێک کاریگەری لە یەکتر دەکات بە هۆی دیالۆگەوە، ناکرێت وەســف بکرێت کە ئەمە یەک پێکهاتەی زمانییە، بەڵکو شێوەی زمانی و شێوازگەری جۆراو جۆرە لە زمانی ڕۆماندا)(شمالي، 2006: 1)

**٥-١ ئەرکەکانی وەسف:**

**أ**- ئەرکی جوانکاری: ئەمە یەکێکی ترە لە ئەرکە گرنگەکانی وەسف، کە زیاتر بە جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقی ئەدەبی سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت لە ڕێگەی وەستانێکەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر هەست بەبێزاری نەکات،(پشوویەک دەدات بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان. ئەم وەسفەیان پاکە دوورە لە ڕەهەندەکانیتر، کە پێویست نییە)(المزیجي، 2020: 331) ئەم جۆرە وەسفکرنە زیاتر لە داستانەکان بەکار دەهێنرێت، هەروەها ئەم تەکنیکە زیاتر لەکۆنەوە بەکاردەهات، چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمانی نوێ ئەم ئەرکە بەرەو کزی چوو(( لەگەڵ هاتنە کایەی ڕۆمانی نوێوە ئەرکی وەسف گۆڕانی بەسەرداهات، لەوەسفەکەی سەدەی نۆزدەهەم جیاواز بوو، چونکە جاران تەنیا بۆ دیکۆر بوو))(سەعید، ٢٠١٣: ١٥٠)، کەواتە ئەم ئەرکەی وەسف مێژویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی کۆن .

**ب**- ئەرکی ڕاڤەکردن: ئەرکی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن وەکو ئەرکێکی گرنگی وەسف لەنێو دەقەکاندا، زیاتر ئامانجی شیکردنەوە و دەرخستنی ڕووداو و کەسایەتییەکانە، ( ئەرکی ڕاڤەکردن و هێمایی لە یەک کاتدا دەبینێ، وێنەی جەستە و وەسفی جلوبەرگ و شوێن، وروژاندنی زانیارییە لەسەر کەسایەتی) (المزیجي، 2020: 331) وەسفکردنی کەلوپەلی ژوور و شوێنی ڕووداوەکان وەک تابلۆیەک پیشانی خوێنەر بدرێت، ئەمەش پێدانی زانیارییە لەسەر کەس و شوێن و کارکردنیان هەر بۆیە ڕۆماننووس پەنا بۆ ژینگەی کارکردن و شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان دەبات بۆ ئەوەی لە نێو زهنییەتی خوێنەردا زانیاری دروست بکات(ئەم جۆرە وەسفەئەرکی هێمایی دەبینێت کە گوزارشت لە مانایەکی باسکراو دەکات)(لحمیدانی، 1991: 69)، کەواتە ئەم ئەرکە بەگشتی زیاتر دەرخستن و شیکردنەوەی کەسایەتی و ڕووداوەکانە بۆ خوێنەر، بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاوڕوونی هەبێت بەرامبەریان و زیاتر لەگەڵیان ئاشنابێت. .

**ت**- ئەرکی وێناکردن: ئەم جۆرە وەسفە وێنایەکی واقعی لە نێو خوێنەران دروست دەکات لە کاتی خوێندنەوەدا، وەک وێنەیەکی هونەری دێتە بەرچاو(وەسفێکی واقعی لە شوێن و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەســـایەتی دەکا، کە بەباســـکردنی وردەکاری بابەتیانەی وێنایەک دەخوڵقێنێ، کە ئەمە لە واقیعدا بوونی هەیە)(المزيجي، 2020: 331). کەواتە ئەرکی وەسـف وێناکردن پێشـکەش کردنی وەسفێکە کە لە ڕووی بابەتی واقیعی لەیەکە نزیکبن.

ث- ئەرکی گوزارشـتی دەروونی: ئەم جۆرە وەسـفکردنە ڕۆڵی هەیە لە دەرخسـتنی دەروون لە هەڵچوون و مملانێیەکان، کە لە ڕوخساری کەسایەتییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە.

ج- ئەرکی ئایدۆلۆژی: ڕۆماننووس حەز دەکات بۆچوونەکانی ( ئایین، سـیاسـەت، ئایدۆلۆژیا) بخزێنێتە ناو دەقەکاندا ئەمەش بە هۆی زمانەوە ئەنخام دەدرێت، زۆر جار ڕۆماننووس باسـی کۆشـک و تەلاری پاشـاو کەسـایەتییەکان دەکات و هەڵسـوکەوت و بیرکردنەوەیان بەدەردەخات بێگوومان لە ڕێی دیالۆگەوە بۆچوونەکان ئاشکرا دەکرێن.

### ٦-١ وەسف لەڕۆماندا:

وەسـف لەنێو دەقەکاندا جیاوازە، هەردەقێک و شـێوازێکی تایبەتی هەیە لە مامەلەکردن لەگەڵ تەکنیکی وەسف، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی دەقەکان و ئەو بابەتانەی کە لەنێو دەقەکاندا باسدەکرێت، وەسـف لە ڕۆماندا بەشـێوەیەکی فراوانتر باسـدکرێت و سـنووری فروانترە لەوەی کە لەچیرۆک بەکاردەهێندرێت و ڕۆماننووس زیاتر بابەت و ڕووداو و کەسـایەتییەکان شـیدەکاتەوە و دەریاندەخات، لەم سـەردەمانەی دواییدا ئەرکی وەسـف لە ڕۆماندا گۆڕانی بەسـەرداهات، کە تەنیا وەستاندنی وەستاندنی زەمەن و کردنەوەی گوێچکەکان بێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر، ئەرکێکی تری گرتە ئەستۆ کە جیاوازبێت لە بونیاتی کورتکردنەوەی دەق و ناسینەوەی کەلوپەلەکان، بەڵکو بووە هەڵگری بنەرەتی بەهای نووسین وەسفی کردار و کەلوپەلەکانی ئامادەکرد بۆ ئاشکراکردنی وەسف بۆکراوی ورد. بۆیە وەسـف هەڵگری ڕاسـتییەکی دەروونی ڕۆماننووسـە و جیهانی تایبەت بەخۆیشـەتی، جیهـانیش بە شـێوەیەکی گشـتی بە شـاراوەیی بووە پێوەرێـک بۆ قووڵی هەسـتپێکراوی کەسایەتییەکانی جیهانی خۆی ئەمەش لە سەر ئاستی زانیین یان ئایدۆلۆژی بۆی هەیە تەنێک وەسف بکات لە دێرێک یان چەند دێرێک بۆ ئەوەی پێکهاتەی وەسـفەکەی کە هەڵگری پەیامێکی ئایدۆلۆژیە ئاراسـتەی خوێنەری بکات. (ڕۆمان لە بێرایی واقیع و سـروشـتی خۆی دەرباز دەبێ ڕێگا دەکاتەوە بۆ وەسف تاوەکو خوێنەر ئاراستەی جیهانی شاعیری بکات، پاشان دەرچەیەکی تری بەرامبەر والا دەکات

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە لە توانایدا هەیە گێڕانەوەیەکی تر بکات جیاوازبێت یان فێڵ لە گێڕانەوە سەرەکییەکە بکات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ)(محفوظ، 2009: 12)، واتەی وەسف لێرەدا ئاراستەی گێڕانەوەکە دەگۆڕێت و شێوازێکی جیاواز دەهێنێتە پێشەوە کە خوێنەر تووشی سەرلێشێواوی دەکات، زۆرجار وەسف بەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت کە ( بریتییە لەو تەکنیکەی کە ڕۆماننوس بۆ دەرخستنی ناوەڕۆکی زەینی و پرۆسەی زەینەکان بەکاریدەهێنێت، واتە ئەو جیهانە زەینییەی لە ڕێی وەسفی گێڕەرەوە پێی دەگات)(همفری، ١٩٧٥: ٥٥)واتە وەسف وەکو ڕێگایەک و چەکێکە کە ڕۆماننوس بۆ ئاشکراکردن و دەرخستنی هزرە جیاوازەکان بەکاریدەهێنن.هەروەها وەسف زۆرجار کاریگەری دەبێت لە سستکردنەوەی گێڕانەوەکان لەڕۆماندا ((ڕۆماننوس کاتێک گێڕانەوە ڕادەگرێت،مەبەستی هێواشکردنەوە یان سستکردنی جولەی کاتی گێڕانەوەیە، بۆیە دەیەوێت لە ڕێگەی برگەی جولەی وەسفییەکانەوە، جا تایبەت بێت بەوەسفی ڕوخساری کەسایەتییەکان یان وەسفی شوێنێک، تەنانەت وەسفی کردار و رەفتاری کەسایەتییەک، جوڵەی کاتی گێڕانەوە بەرەوە سستی دەبات)(صالح،٢٠٢٠: ٥٨٤) واتە لێرەدا تەنانە وەسف لە ڕۆماندا زۆرجار گێڕانەوەکانیش هێوردەکاتەوە و ناهێڵێت بەخێرایی ڕوداوەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو ماوەیەک لەسەر وەسفی کەسایەتی و کردار و شوێنەکان ڕایدەگرێت، کەواتە دەتوانین بڵێن کە ڕۆماننووس بەڕێگەی وەسفەوە دەتوانێت زیاتر درێژە بەڕووداو و گێڕانەوەکان بدات و کەسایەتی و ڕووداوەکان بەشێوەی جیاواز بخاتە بەرچاوی خوێنەر.

**١-٧ جۆرەکانی وەسف:**

أ- وەسفی وێنەی وەستاو: ئەم وێنەیە، وێنەیەکە لە شێوەی نەجولاو دایە، کە شێوەیەکی چەسپاوی وەرگرتوە، کارەکان گەشەکردنی بەردەوامی بە وێنەکان نابەشخن و زیاتر لەشێوەی وەستاو دەردەکەوێت (وێنەکردن لەم وەسفەدا تەنها لەلایەکەو دەبێت، چونکە نووسەر ناتوانێت بجولێنێت، یاخود تەن یان شتەکە ناسوڕێتەوە تاوەکو لایەکەی تر وەسف بکات))(سەعید، 2013: 155)، واتە لێرەدا نوسەر چی دەبینێت، ئەوا تەنها ئەو وەسفدەکات..

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب- وەسفی وێنەی جوڵاو: ئەو جۆرە وەسفەیە، کە نوسەر وەسفی شتێکی جوڵاو دەکات، کە بە بەردەوامی و جوڵە نیشان دەدات، ((ئەو وەسفەیە کە ڕۆمان نووس بۆ وەستانی زەمەنی گێرانەوە و بەخشینی ریتمێکی موسیقی بەوگێرانەوەیە پەنای بۆ دەبات)).(ئەلوەنی،2011: 98).

ج- وەسفی واقعی: لەم جۆرە وەسفەدا نوسەر بەشێوەیەکی ڕاستی و واقعی، کە ئەوەی هەیە ئەو دەردەخات هەروەکو خۆی ( وەسفی کەسێکی واقعی یان یان شتێکی واقعی دەکات وەکو چۆن خۆی لە سروشتدا هەیە بەبێ زیاد و کەم بەسشێوەیەکی بەرجەستەکراو دەیهێنێتە بەرچاوی خوێنەر))(سەعید، 2013: 155)، واتە ئەم جۆرە زیاتر شتە واقیعییەکان نیشاندەدات و بەشێوەیەکی ئاشکرا و دیار دەخاتە بەرچاوی خوێنەر.

**د- وەسف خەیاڵی:**

یەکێکی تر لە وەسفەکان، وەسفی خەیالی و نادیارە، کە لەم جۆرەدا نوسەر پەنا دەباتە بەر دەربڕینی خەیاڵی و تەم و مژ(( وەسفی خەیاڵی شتێکە نوسەر بەخوێنەریشەوە نەیانبینیوە، تەنها بەخەیاڵ دروستی دەکات و دەیهێنێتە بەرچاوی خوێنەر))(سەعید، ٢٠١٣: ١٥٤)، واتە ئەم جۆرە وەسفە ئەو وێنانە دروستدەکەن کە لەواقعدا بونیان نییە و دەیانەوێت بەخوێنەر ئاشنابکەن.

## بەشی دووەم:

## وەسف لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە

### 1-2 تەوەرەی یەکەم

### ٢-١-١ پوختەی ڕۆمان:

ئەم ڕۆمانە لە دوو بەشی سەرەکی لە ژێر ناوی پەتای دەنگ و چێژی خوێن، باسی دەسەڵاتی میرێک دەکات میراتگرەکانی بە دوای دەسەڵاتی میرایەتییەوەن، پەتای قسەکردن دەبێتە هەوێنی دەرهەڵدانی شۆڕشێکی فیکری و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و داروخانی دەسەڵاتی ستەمکاری.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حەنچە کە ئۆتۆمبێلێکی شڕ و کۆنە بە ڕێگا دەڕوات هەر جارێک کارەکتەرێک هەڵدەگرێت لە ڕێگادا دیمەنەکانی کارەسات و کوشتن و دیاردە سرووشتییەکان پیشان دەدات، هەر کەسێک لەم حەنچەیە سەرکەوێت بەرەو ناشوێن دەڕوات و کارەساتێکی بۆ دروست دەبێ.

ڕۆماننووس دەمانباتە نێو هەرێمی چوار ڕەنگی( زەرد، سپی، سوور، سەوز) کە گوزارشت لە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان دەکات. ژمارەی چوار لە زۆر شوێن دووبارە دەبێتەوە وەک چوار هاوسەرەکەی (میر ئەمبێز) کە هەر ژنە و لەسەر ئاینێکە:

- ڕەوشەن ----- کچی میری موسوڵمانان
- لویزە ------ کچی شەماشە زیای مەسیحی
- نازاو ------ کچی سیمۆنی جولەکە
- ئاوڕەنگ----- کچی کریکۆری زەردەشتی

هەر منداڵێک کە لەدایک دەبێ لەم خێزانانە لەسەر ئاینی دایکیان دەمێننەوە! میەری میرانیش کەسێکی بێ ئاینە، شەڕێکی نەپساوە پەیدا دەبێ کاتێک کوڕەکانی باوکی خۆیان دەکوژن.

**٢-٢-٢ جۆرەکانی وەسف لە ڕۆمانی بەرێگاوە:**

لەم ڕۆمانەدا وەسف پانتایەکی فراوانی گرتووە هەمیشە ڕۆماننووس هەوڵیداوە لە ڕێگای جۆرەکانی وەسف مەغزاکانی نێو ڕۆمانەکەمان پیشان بدات، وەسف بەبەردەوامی لە نێو دێڕەکان ئامادەیی هەیە.

ڕۆماننووس گێڕانەوەیەک دەکات لەسەر زاری گێڕەرەوەیەک بە ناوی (نارسیس) کە ڕووداوەکان بەسەر سەریداهاتوون، ململانێیەکان و شەڕەکان وەک و دیمەن و تابلۆی ڕازاوە دەخاتە بەردەم خوێنەرانی ڕۆمان، چ لە پیشاندانی دیمەنی شوێنە دڵگیرەکان یان کەسایەتییەکان یان وەسفی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی هەرێمەکان کاتێک میری میران دەکوژرێ.

گێڕەرەوە لە نێو دەقی ڕۆماندا وەسفی جەستەی کەسایەتی مرۆڤ و ئاژەڵ و وەسفی پنتی جوگرافی جولاوەکان دەکات، هەروەها باسی کاتەکانی بەرێکردنی ساڵ و مانگ دەکات. وەسفی

واقیعی شوێن و وەسفی خەیاڵی بەیەکەوە گرێداوە بە مەبەستی پێشکەشکردنی دیمەنێکی ئاڵۆز کە گوزارشت بکات لە ئاڵۆزی بیرکردنەوەی خەڵک و دەسەڵات لە کوردستاندا. ڕۆماننووس ڕۆمانەکەی بە بیرکردنەوەی نوێخوازانە نووسیوەتەوە هەوڵیداوە وەکو نوێگەرەکان پێی وایە کە وەسف یەکێکە لەو جیاوازییە دیارانەی لە پێش خۆی جیا دەکاتەوە کە جاران ئەگەر وەسف وەسیلەیەک بایە بۆ پیشاندانی کەسایەتی و ڕووداوەکان، بەڵام ئێستا بەشێکی گەورەی پیشاندانی ڕووداو و کەسایەتییەکانە. ڕۆماننووس پێکهاتەی ڕۆمانەکە و ئەرکدارکردنی کەل و پەلەکان بە کارێکی گرنگ دادەنێت.

وەسف گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بە خۆوە بینیوە جاران تەنیا پیشاندانی دیمەنەکانی واقیعی بوو، بەڵام ئێستا لەم ڕۆمانەدا پیشاندانی جیاوازی بیرکردنەوەکان و فرە مانایی دەکات، کە ململانێ لە نێوان وەسفی دروستکراوەکانی سەر زەوی کە واقیعدا هەن لەگەل یەک مانای وەسفکراو.

### أ- وەسفی دەروونی:

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە ڕۆماننووس زیاتر گرنگی پێداوە، لایەنی دەروونی و باسکردنی ئەم لایەنەیە، لێرەدا باس لە حالەتێکی دەروونی دەکات، کە خۆی چواندووە بە باڵندەیەک کە کەسیرەبێت و بەترس و لەرزینەوە داماو وەستابێت و دەنگی ددانەکانی وەک سریەک بێت، وەسف هەڵگری ڕاستییەکی دەروونی ڕۆماننووسە کاتێک (نارسیس)ی گێرڕەوە وەسفی دەروونی خۆی دەکات بۆ نمونە دەڵێت: (( وەک باڵندەیەکی کەسیرە هەڵدەچۆقیم تەقەی ددانەکانم وەک دەنگی سریەی شەستیرێک بوو، کە لە دەرەوە دەبیستریێ)) (کاوانی، 2020: 12). ڕۆماننووس لە چەندین دێڕ باسی بێزاری دەکات تا وایلێدێت ئەم بێزارییەی خۆی لە تەواوی کەسایەتییەکان ڕەنگ بداتەوە هەر خۆشی پێی وایە کە ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی (سادێس)ە بەو واتایەی هەموویان حەز بە کوشتن و خوێن و تۆڵەکردنەوە دەکەن و حەزیان بە خۆکووشتنە تەنانەت لە دەستپێکی ڕۆمانەکە گێڕەڕەوە بەم دەقە دەست پێدەکات بۆ نمونە دەڵێت: ((منم نارسیس... من دوای تەواوکردنی ئەم ڕۆمانە دەسبەجێ، بێ گرخاندن خۆم دەکوژم)) (کاوانی، 2020: 6) نارسیس وەک پاڵەوانی سەرەکی و گێڕەڕەوە خۆی ڕووداوەکان دەخولقێنێ و خۆی دەکەوێتە ناو کێشەکان و ڕووداوی نوێ خۆیان دەخەنە ناو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووداوەکان، خودی ڕۆماننووس لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوەی لەسەر خواستنی ئەم ناوەی داوە کە بۆ نمونە دەڵێت: ((کورێکی جوانی یۆنانییە لە چیرۆکی ئەفسانەیی یۆنانی کۆنەوە هاتووە هەر بە هۆی ئەوەوە سیگمۆند فرۆید بەخۆشی دەروونی خودپەرستی(نەرجسییەت) ی دۆزییەوە)) (کاوانی، 2020: 6).

لە دەقێکی تریدا ئاوا با سانایی باسی مەرگ دەکات بۆ نمونە دەڵێت: ((مەرگ وەک نوقلێکی شیرین فرێدەیتە سەر زمان و بۆ هەمیشە متەق لە خۆت ببڕی، چونکە هەندێ جار مەرگ ئەوەندە سانایە ئازاری وەک بڕینی قژ وایە، یاخود قرتاندنی نینۆکێکی ئاوساو و چەقیوی نێو گۆشت)) (کاوانی، 2020: 6). هەموو ئەمانە دەرخەری ئەوەن کە ژیان بۆ زۆر کەس مەرگەساتە زۆر بە ئاسانی بڕیاری شەڕ و ئاژاوە دەدەن.

خودی وەسف لە ڕۆماندا بە ململانێ و ئاژاوە و کوشتن زیاتر ناخی کەسەکان دەردەخات (ململانێ بە وشە یان بە شمشێر، فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ لە دایکبوونی دابەشبوون، ئەمە چاکترین ڕێگایە بۆ ئەوەی وەسف بکرێت) (کریس، 2009: 200) لێرەدا (نارسیس) خودی خۆی دەبێتە چەقی دروستبوونی ململانێییەکان و دەستپێکی شکاندنی بێدەنگی لە کاتێکدا چەندین ساڵ بوو پەتای قسەکردن هەبوو کەس تاقەتی قسەی نەمابوو بەڵام (نارسیس) بێدەنگی نەهێشت وایکرد هەموو خەڵک هاوار بکات، ڕای هەبێت و بۆچوونی چیاوازی هەبێ کاتێک کە مردن نەبوو ئەو هات مردن بووە ئاسایی و زۆر هەیبەتی نەما، دەروونە خەفەکراوەکەی کە چەندین ساڵ بەهەزاران قسەی هەڵگرتبوو بیچرپێنێ بە گوێی خەڵکیدا. ئەمانە هەمووی وەسفێکی ناخی خەڵکە کە ناوێرن یاخود بۆیان نابێتە گوتن لە ترسی دەسەڵات، کەواتە ڕۆماننووس بە چەندین مانای وەسفکراو گوزارشت دەکا.

بێزاری نارسیس لە ژیان دەگاتە لوتکە بۆ نمونە دەڵێت: (( گوزەلە سەگ و تەتیلەی بەراز بووم، مرۆڤ نەبووم، بێ هیوا و ناموراد، یاخی لە خۆم، لە خودا، لەخاک، لە نیشتیمان)) (کاوانی، 2020: 8). هەر بێزارتر دەبێت بە هۆی ئەوەی لە قەلەوێرەی نەخۆشخانەیەکیان بەستیتەوە نایەڵن هاوار بکات بڵێ من نەخۆشنیم ئەوە جەلادەکان بە هەڵە منیان گرتووە دەڵێ ئەگەر دەنگم بۆ گەڕابایەوە بۆ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نمونە دەڵێت: (( وەک گوێدرێژێک دەزەریم، گۆلک بووم دەمبۆڕاند، هاوارم دەکرد)) (کاوانی، 2019: 8). بۆیە (نارسیس) لە زۆر شوێندا جوێن و قسەی نەشیاو دەکات و بێزاری خۆی دەردەبڕێ هەر لەسەرەتای منداڵی تا دەگاتە دوا بڕیاری خۆکوشتن و پەشیمانبوونەوەی، گەرچی پەشیمانبوونەوەی بۆ ئەوە بوو کە ئیدی ژیان تروسکایی ئومێدی لێ بەدی دەکرێت، بەڵام ژیانکردن لەم ڕۆژگارەدا پیاوی خۆی دەوێ کە هەڵکات لەدەست نا جۆری ژیان کردن.

ڕۆمانووس لە وەسفکردنی کاتدا بێخەوش نەبووە، هاتووە ئەرکەکانی بە جوانی دابەش کردووە سەرەڕای داهێنانەکانی وەسفدا بە ئاگابووە لەو گرنگییانەی ڕەخەگرانی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاتییەکان بە وەسفیان داوە، وەک چۆن لە بەشی تیۆری ئاماژەمان بە تەکنیکەکان داوە کە چۆن وەسفەکان دابەش دەبێت بە هەمان شێوە ڕۆمانووس پراکتیزەی کردووە، بە حوکمی ئەوەی (ڤلیپ هاموون) دابەشکاری کردووە لە وەسفدا بە دوای ئەو لە ڕۆمانە نوێیەکانیشدا ڕخنەگران و ئەکادیمیستییەکانیش وەکو (د.حمید لحمیدانی)یش لەگەڵ ڕایەکەی (ڤلیپ هاموون)ە کە کرۆنولۆژیا تایبەتە بە وەسفکردنی کاتەکان ئەمە چ کاتی ناو ناخ و بیرکردنەوەیە یان کاتی خۆشی و ناخۆشی ڕۆژگاربێ بۆ نمونە دەڵێت: (( لە کۆتاییشدا وەکو زۆربەی کاتەکان دەستم کرد بە گریان. گوێم لە دەنگی هەنسکی خۆم دەگرت تا خەو دەیبردمەوە. بەم جۆرە ماوەیەک بەسەر چوو، ئەوەی شادی پێ بەخشیمەوە دوای تێپەڕینی شەش حەوت مانگ، بۆ یەکەم جار فریاد ڕەسەکانی ژیانم بینییەوە)) (کاوانی، 2020: 37). وەسفی چەندین مانگ دەکات کورتی دەکاتەوە لە چەند دێڕێک بۆ ئەوەی قەرەبووی وەستانی کات بکات لە کاتێکدا زۆربەی جار وەسفەکان دەبنە هۆی وەستاندنی کات، باسی ماوەی بەستانەوەی لە نەخۆشخانە دەکات و دۆخی دەروونی خۆی بۆ خوێنەران دەردەخات، کە بێخەوشی پیاوانی سەربازی کە کەمتر لە وردەکاری ژیانکردن دەگەن ئەویان خستە نەخۆشخانە دەمیان بەست بۆ چەند مانگێگ، خودی پەتای قسە نەکردن و دەم بەستن مانایەکی فراوان دەدات یەکێک لە لێکدانەوەکان ئەوەیە کە زمان بەڵایە لە سیستەمی دەسەڵات ناکرێت هاوڵاتی قسە یان ڕەخنەی هەبێت، مانایەکی تر بۆ ئێمە پیشان دەدات کە گوزارشت لە بێدەنگ کردنی میللەت دەدات بە شێوە جیاوازەکاندا.

**ب- وەسفی کەسی ( تۆبۆگرافیا):**

لە وەسفی تەکنیکێکی تردا کە پێی دەگوترێ (تۆبۆگرافیا) ڕۆماننووس گرنگییەکی بێ هەژماری بە دەرخستنی دیمەنەکان داوە هەمیشە ویستوویەتی دیمەنە واقیعییەکان و خەیاڵییەکان باس بکات هەندێکیان لە سنووری جوگرافیا بوونیان هەیە هەندێکیشیان دروستکراوی خەیاڵی خودی ڕۆماننووسن. بۆ نمونە دەڵێت: (( تا گەیشتین بە قاوشێکی هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو، کەل و پەلەکان، مێز و سیسەم، تەنانەت ڕۆناکی گلۆپەکانیش شینێکی ماتی وەک دوتی ئاسمان بوو، دار و دیوار، عەرز و ساپیتە، هەر شین بوو دەرەوونی ئازار دەداین)) (کاوانی، 2020: 27). بە هەر شوێنێک تێپەڕێت هەمیشە وەسفەکانی بە درێژی دەکات دیمەنەکانی پنتی جوگرافی زۆر بە سەرکەوتوویی دەگوازێتەوە. بەر لەوەی ڕووداوەکان بگوازێتەوە دێت دیمەنەنی بەر لە ڕوودان دەگوازێتەوە وەک دۆخ مامەڵەی لەگەڵ دەکا دەیسازێنێ بۆ ئامادەبوونی ڕوودانی دۆخێکی چاوەڕوانکراو. بۆ نمونە دەڵێت: (( من یەکەم کەس بووم لەبن بەستێنەوە، لە نێو قوڕاوەکە ئەوم سەرە قوون لە نێو قوڕ و لیەدا بینیبیەوە، سەرەتا پۆتینە سەوزەکانیم دۆزییەوە، سەرەوژێربوو بە دەست پاکم کردەوە)) (کاوانی، 2019: 50). گێڕەرەوە هەمیشە دەستپێشخەری ڕووداوەکان و پیشاندان و گێڕاوەکانە ئەوەندە بە وردی دیمەنی مردنی هاوڕێ و کەسەکان پیشان دەدات وەک سەکۆی شانۆ لەبەر چاو جولە دەکەن کاتێک کە هاوڕێیەکی لەبەر بێ ماڵ وحاڵی و فەقیری ئاو دەیبات حکومەت بۆی نادۆزرێتەوە بەڵام (نارسیس) کە دەیبینێ وەک بڵێی ئەفسەرێکە شێوەی مردن و تەنانەت ژمارەی پێڵاویش وەسف دەکات کە بۆچی ئەمجارە پۆتینەکەی گەورە بوو کە مناڵبوون خۆی هەڵدەکێشا لەسەر مناڵە هاوتەمەنەکانی کە گەورەترە لەکاتێکدا هاوتەمەن بوون، ئەم درێژکردنەوەی وەسفە دۆخی دەروونی و جۆری ژیان و بۆچوونەکان دەردەخات.

ڕۆماننووس لە وەسفکردنی کەسەکان کە لە ڕێگەی دیالۆگەوە بێت یان تەنیا گێڕانەوە دەیەوێ ڕاڤەی کەسایەتییەکان بکات نایەوێ ببێتە چەقی قسە و سەرنجی خوێنەران تەنیا بە ئاماژەیەکی خێرا زانیارییەکی زۆرمان پێ دەدات کەوا ئەو تەمەنەی بەرێکردووە چۆن ژیاوە، ئەمە بە ژمارە یەک مەبەستی ڕاڤەکردنە و مەبەستی دووەمی خێرا کردنی ڕووداوەکانە نەک گێڕانەوە بوەستێنێ چیرۆکەکان درێژ ببنەوە بۆ نمونە بۆ نمونە دەڵێت: ((باوکم دەیگوت: ژمارەی ئەو بوتڵە خوێنانەی

کە بە تۆم بەخشـی گەیشـتە سـاڵەکانی تەمەنم. ببوومە سـەرئێشـەیەکی گەورە بۆ ئەوان)) (کاوانی، 2020: 46).ئەم وەسفە ڕاڤەکردنە کە زۆری تەمەنی هەر لە نەخۆشخانە و ناڕەحەتی بەسەر بردووە.

یەکێکی تر لە جۆرەکانی وەســف، ئەویش وەســفی کەســی یان پرۆنۆگرافیا، کە لەمەدا ڕۆماننوس زیـاتر زانیـاری لەبـارەی دەرەوەی کەســـایەتییەکـان دەخـاتەڕوو، واتە دەیەوێـت زیـاتر بە خوێنەرانی ئاشــنا بکات، لەم ڕۆمانەدا چەندین نموونەی لەم جۆرەدا هەیە بۆ نموونە دەڵێت: ((منیان بردە لای ئەفسەرێکی زلحۆرت و باڵا بەرز، کە لاتیو لە نێو ئۆتۆبێلێکی سەربازی دانیشتبوو، دەرگاکەی کربۆەوە، نیوەی لە ناوەوە و قاچەکانیشی لە دەرەوە لەسەر زەوی بوو)) (کاوانی، 2019: 18)، لێرەدا وەســفی ئەفســەرێک دەکات، کە کەســێکی قەڵە و باڵا بەرز بووە و کە قاچەکانی زۆردرێژبووە و کەسێکی خۆشەویست نەبووە و بێزارکەر بووە.

**ج- وەسفی شوێن:**

لە وەسفی شوێنی حەوانەوە و ماڵدا بە ئاسانی دەست هەڵناگرێ و ناهێڵێ خوێنەر ئەو دۆخ و دیمەنەی کۆڵانێکی هەژارنشین و ژیانی کولەمەرگی کەسەکان بەبێ وەسفێکی تێر و تەسەل دەرباز ببێ بۆ نمونە دەڵێت: ((کۆڵانەکەمان کەوتۆتە خوار قەلات کوچەیەکی تەنگەبەری تاریکستانە، هەر لە ســەرداب و تونێلێکی ســەر کراوە دەچێ، گەر دوو کەس بە یەکەوە بڕۆن شــانیان لە دیوار دەدەن، هەموو خانوەکان بەلانی کەم لایەکیان کەرپووچی داڕماوە، دیواریان بەیەکەوەیە و دەرگاکانی وەکو میحرابی مزگەوت چەماوەتەوە)) (کاوانی، 2019: 48) ڕۆمـاننووس بـاســی ژیـانی گەڕەکە هەژار نشــینەکانمان بۆ دەکات و هەڵســوکەوتنەکانی کەســەکان لای خوێنەر نـامۆن نین بەهۆی زۆری وەسفکردنیان.

**د- وەسفی ئیتۆبیا (مجازی):**

یەکێکە لە جۆرەکانی وەســف، زیاتر لە ڕێگەی دەرڕینی خەیالیەوە دروســتدەکرێت، لەم ڕۆمانەدا ڕۆمانووس ئەم جۆرەی لە نێو چەندین ڕووداو بەکارهێناوە بۆنموونە دەڵێت: ((دەنگم گەیشــتە دەریا و سواری سەر پشتی شەپۆلەکان بوو، دەنگم فڕیە ئاسمان و تێکەڵ بە تریشقەی بروسک و گرمەگرمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەورەکان دەبوو. من بووم مانگرتنەکەم شــکاند، شــۆڕشــەکەم بەرپاکرد، دەزووم بە میزەڵدانی بێدەنگیدا کرد، تەقەم لە شــووشــەی قەلاقوپ کرد تۆپم بە خامۆشــییەوە نا)) (کاوانی، 2019: 12)، کەلێرەدا بەڕێگەی دەربرینی وەسـفی فیزیکی باس گەیشـتنی دەنگی خۆی دەکات، کە چۆن سـواری ســەر شــەپۆلەکان دەبێت و دەفڕێتە ئاســمان، یان لە نموونەیەکی تردا دەڵێت: (( زۆرێکیان هەر کڕ نەدەبوون، حەرام شــکا، یاســا شــێوا، کەس نەمرد. تاعوونی قســە تەواو بوو، پەتای دەنگ ئاوابوو، ڤایۆسی قورگ دڕا، ئەنفلەوەنزای گوتن نەما)) (کاوانی، 2019: 12)

لە بەکارهێنانی تەکنیکی وەســفی (ئیتۆبیا) دا کە وەســفی کەســی مەجازی و خەیاڵی پێ دەکرێت ڕۆماننووس ئەویشــی فەرامۆش نەکردووە بۆ نمونە دەڵێت: ((ئیدی تازە هیچ گومانم نەما، دڵنیابووم من مردووم، ئەوانیش هاتوون بۆ سەر جەستەی بێ ڕۆحیم، پەیوەندییەک لە نێوان ئێمە و زیندوەکان نەماوە)) (کاوانی، 2020: 38). لێرەدا ڕۆماننووس باس لە شــتێکی خەیاڵی دەکات کە مرۆڤ دەمرێت خەڵک دەبینێ و دێنە سەر سەری دواتر دیسان دەگەڕێتەوە سەر ژیانی واقیعی کە نەخێر ئەوە نەخۆشــخانەیە. بۆ نمونە دەڵێت: ((کەچی جاری تر کابووس کە تووشــم بوو، وەک چۆن باوکم پێی گوتم وامکرد، دەســا رزگارم دەبوو، بەڵام باوکە گیان ئەم مۆتەکەیە نەفرەتییەی ئێســتا کەوتۆتە گیانم و بەرم نادات، نە دۆخین نە لاتەنیشت، هیچیان دادم نادا، ئەو کابووسە دەستی ناوەتە خنۆکم و نـازانم کەی کۆتـایی دێ)) (کـاوانی، 2019: 31) کـابووس کە دێتە گیـانی مرۆڤ لەکـاتی خەوتندا مرۆڤ تووشی تەنگە نەفەس دەکات بە جولەیەک ئیدی کابووس دەڕوات، کە وەسفەکە هی کابووسـە بەڵام مەبەسـتی ڕزگاربوونییەتی لەدەسـتی بەهەڵە بەسـتنەوەی لە نەخۆشـخانە لەدەسـتی دکتۆرەکان.

**هـ- وەسفی جولاو:**

لە جۆری وەســفەکاندا ڕۆماننووس جەختی لەســەر وەســفە جولاوەکانیش کردووە تەنانەت خودی ڕۆمانەکە بەناوی (بەڕێگاوە) کە ئۆتۆمبێلێکە بەسەر شاخ و هەوراز و دۆڵەکان دەڕوات دیمەنەکانمان بۆ دەگوازێتەوە بەرەو ناشــوێن دەڕوات و ڕووداو ڕوودەدەن و شــوێنە واقیعی و خەیاڵییەکان باس دەکەن کە بۆ نمونە دەڵێـت: ((حەنچەیەک بە ڕێگـاوە دوو پیـاو و کچێکی هەڵگرتووە و ڕۆحیـان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەتەوە لەپی دەســتی خۆیان، ڕێگا دوور و درێژە پێچاو پێچەکانی داوەتە پێش خۆی و ڕێچکۆکە تەسک و حاسێکان هەڵدەبڕێ، مل لە هەورازان هەڵدەنێ، لە نشێوان غلۆر دەبێتەوە، لێواری شاخ و کێوان نەی دەکات، چیاو چۆلان دەپێوێ، بەسەر بەردی سەر ڕێگاکان هەڵدەزنێ))(کاوانی: 2020: 7). ئەم حەنچەیە لە جوولە دایە و ڕووداوەکان ڕوودەدەن و بەهەموو ڕێگایەک سەردەکەوێت، ڕۆماننووس دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە کەسەکان تووشی زەحمەتی دەبێ.

خواســتنی ناوەکان واقعی و خەیاڵیین ئەمەش بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ ناوی (دۆڵی نێرگزان) و هەرێمی نێرگزان کە شوێنێکی پڕ گوڵە ئەمە ڕستییە لە قەزای شەقڵاوە هەیە و زۆربەی ڕووداوەکان و ناوەکان حەقیقین وەکو (شێخ سەید)و (کریکۆر) (شەماشە زیا) (قەچوچ) بۆ نمونە دەڵێت: (( بۆ لای کۆنە مزگەوتەکەی شێخ سەید بامدایەوە)) (کاوانی، 2020: 46) بۆ نمونە دەڵێت: ((تێگەیشتم دەبێ سەرەتا چارەسەری دەنگ شکانەکەت بکەی، دەسا دەتوانی بە دوای گەیشتن بە حەقیقەتی بنەمەڵە و میرانی هۆزی قەچوچان)) (کاوانی، 2020: 288).

**و- وەسف بە شیعریەت:**

ئەم وەسفە لە ڕێگای زمانی دەکرێت دوو جۆر ئامادەی دەبێت یەکێکیان وەسفی شتی واقعی پێ دەکرێت کە وێنە و دیمەنەکانمان بۆ دەگوازێتەوە لە نێو زەینی خوێنەردا وێنایەک دروست دەکات دوور نییە لەوەی ڕۆژانە دەیبینین، بەڵام لە وەسفکردنی کەسایەتییەکان دووپاتکردنەوەی دۆخی دەروون بەڕێگای شیعرییەت جۆرێکی تری گەمەی زمانی شێوازگەری گێڕانەوە دەکات بۆ نمونە دەڵێت:(( نها دەترسم زیک بم بۆتان بگێڕمەوە، بێزۆ ڕۆح سووکترین باڵندەی ئاسمانی ژیانم بوو، هاوڕێ و هاو خەم، خۆشەویسترین مرۆڤی دونیای کەساسی من بوو)) (کاوانی، 2019: 52).ئەم پیاهەڵدانەی (نارسیس) بۆ (پێزۆ)ی هاوڕێی بە دێڕی ئاسایی وەسف ناکات بەڵکو شیعرییەت لەم جۆرە دۆخانە خۆی دەخزێنێتە نێو دەقەکاندابۆ نمونە دەڵێت: ((دەنگم گەیشتە دەریا و سواری سەر پشتی شەپۆلەکان بوو، دەنگم فڕیە ئاسمان و تێکەڵ بە تریشقەی بروسک و گرمەگرمی هەورەکان دەبوو. من بووم مانگرتنەکەم شکاند، شۆڕشەکەم بەرپاکرد، دەزووم بە میزەڵدانی بێدەنگیدا کرد، تەقەم لە شووشەی قەلاقوپ کرد تۆپم بە خامۆشییەوە نا)) (کاوانی، 2019: 12) ئەم دەقانە لە

ڕۆنانی ئاسایی بە هیچ شێوەیەک دەنگ سواری سەر پشتی دەریا نابێت، دەزوو بە میزاڵدانی دەنگ ناکرێت تا قسە بکات، یان تەقە لە بێدەنگی ناکرێت، ئەمانە هەمووی شیعرییەتە ڕۆماننووس بۆ ئەوەی گوزارشت لە دەروونی خۆی یان کەس و شتەکان بکات ئەم لادانە زمانییە دەکات.

**٢-٢ تەوەرەی دووەم**

**٢-٢-١ ئەرکەکانی وەسف لە ڕۆمانی بەرێگاوە:**

**أ- ئەرکی وێناکردن:**

لە پیشاندانی ئەرکێکی تری وەسفدا لە پیشاندانی شێوەی دەرەی کەسەکانە (پرۆنۆگرافیا)، کە زۆر پێویست نین ئەویش کاتێک بەهەڵە دەکەوێتە گروپێکی چەکدار و لێی دەدرێ بۆ نمونە دەڵێت: (( منیان بردە لای ئەفسەرێکی زلحۆرت و باڵا بەرز، کە لاتیو لە نێو ئۆتۆبێلێکی سەربازی دانیشتبوو، دەرگاکەی کربۆەوە، نیوەی لە ناوەوە و قاچەکانیشی لە دەرەوە لەسەر زەوی بوو)) (کاوانی، 2020: 18).

لەم ئەرکەدا ڕۆماننووس بە وەسفەکانی وا خوێنەرەکانی دەکا وێنای واقعی شوێن و و باڵەخانە و جێگاکانیان لەبەر چاو بگرێت، تەنانەت هەندێک وەسف وەک ئەوەی لە واقعی جوگرافیای ڕووداوەکان بوونی هەبێت دەبینرێت لە دەقەکاندا بۆ نموونە( پردی ڕووساک، ئاوی شێخ سەید، کریکۆر، گۆڕی نێرگزان کە بە هەرێمی نێرگزان ناوی هێناوە،...هتد) کەسایەتییەکانیش ( شەماشە زیای مەسیحی، میری میران، سیمۆنی جولەکە،...هتد) ڕۆماننووس لەم بەشەدا، سوودێکی زۆری لە ناوی کەس و شوێنەکانی شەقڵاوە وەرگرتووە و وەک ڕەمز بۆ هونەرکارییی و ناوەڕۆکی رۆمانەکەی بەکاریان دێنێتەوە، ڕەمزەکان لە هێمایەکی ناوەخۆیی دەکاتە هێمایەکی دینی گەورە و دەیانگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕەگە مێژووییەی دین، لە ناو و زاراوەکاندا پەیدای کردووە، هەروەها کەسەکان و کارئەکتەرەکان بە ڕەمزە دینیی و و دیرۆکییەکان دەبەستێتەوە. بەمەش ڕەگ و ریشەی توندوتیژی و ململانێی نێوان مرۆڤەکان بۆ خاڵێکی جەوهەری و سەرەکی دەگێڕێتەوە کە ئەویش دین و دەستەڵاتی سیاسی و سەردەستەکانی کۆمەڵگەیە.

**ب- ئەرکی جوانکاری:**

ئەرکێکی ترلە ئەرکەکانی وەسفدا ئەرکی جوانکارییە تەنیا بۆ جوانکاری بەکاردێت ئەرکی بابەتی و مەغزایی ناکەوێتە ئەستۆ لەگەڵ ئەوەشدا هیچ زیادەیەک ناخاتە سەر بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان بەگشتی خزمەت بە پرۆسەکە ناکات بۆ نمونە دەڵێت: ((ڕۆڵە شتێک دەزانم، منیش سەیرم پێهات قەلەمەکەی دەستمی فڕاند، وێنەی دڵێکی کێشا، هیچ وێنەیەک ئاوا ڕێک و ڕاست و ناوازە نایکێشێ، ئیتر زانیم دڵی دایک بۆ ڕۆڵەکەی پیکاسۆیە، لیۆناردۆ داڤنشییە، ڤانکۆخە، عەزیز سەلیمە))(کاوانی، 2020: 23) ئەم وەسفکردنەی دایک و بەراوردکردنی بە کەسە بەناوبانگەکان هیچ لە دۆخەکەی گێڕانەوە زیاد ناکات و گەشەسەندوو نییە.

**ج- ئەرکی ڕاڤەکردن:**

لەم ئەرکەدا ڕۆمانووس وەسفەکانی ئەرکدار کردووە بەوەی ڕاڤەی دید و بۆچوونی پاڵەوانی ڕۆمانەکە( نارسیس) چییە، هاتووە ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ کە (نارسیس) سیفەت و خاسییەتی ئاژەڵانەی گرتووە( گوێدرێژانە، نەخۆشخانە، شێتخانە، مایەپووچانە، یاخییانە لە هەموو شتێک، ڕزیوانە و بۆگەنانە دوای کۆمەڵێک کەس دەکەوێت و دەیەوێت ئەم ناوانە بدۆزێتەوە ( ئانۆ، بانی نی، ئەلیکترا، میخۆ، عەفلەق، شێمراز) لە پێناو ئاشکرا کردن و نهێنی پشت ڕووداوەکان. دەیەوێت هەموو کەس بزانێت لەودیوی ژیانەوە چی هەیە؟ ئەودیوی ژیان دەکەوێتە پشت پەنچەرە داخراوەکان، زیندانەکان، خانەقا و تەکییەکان، مەیخانە و مەیتخانەکان، کە هەر ئێرەیە!

ئێرەیەک کە بۆ ماوەی هەفت ساڵ بێدەنگ دەکرێت، وشە و زمان دەبڕدرێت، کەس واژەیەکی لەزار دەرنایەت، دنیای ئێرە، دنیای بێدەنگی و گۆنەکردنە، زمانەکان گیراون، خامۆشن، کەس ورتەیەکی لێوە نایەت، سرووشت بێ جریوە و هاوارو دەنگدانەوەیە. نارسیس یەکەم کەسە ئەم بێدەنگی و قەرەقۆپییە دەشکێنێت!

بێدەنگی وەک ئاسۆیەکی دەلالی، کەوتنی وشە و زمان و ئاماژە ومەدلوولاتی ئەخلاقی و واتاکانە. واتای ژیان و جیهان و ئیمان و بزاوی کۆمەڵە کەسانێک لە نێو کۆمەڵگەیەکی نگووم بوو لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێو گەلێ دین و بیرو باوەڕ و فەرهەنگ و کەلتوور و زمان و تێگەیشـــتندا. کە دوو لایەن و دووتاقمی جیا و هاوشێوە پەیدا دەکات، تاقمێک قوربانی و تاقــمێک جەلاد، بەڵام لە کۆتاییدا تێدەگەین هەموو کەسەکان قوربانی ئەو بێدەنگییەن، کە دەستەڵاتێک بە هێز و کوتەک دەیسەپێنێت.

دوای ئەو ســـەرەتایە جیهانێک لەم رۆمانەدا پەیدا دەبێت، کە لەســـەرەتاوە ئاوســـە بە منداڵییەکی ئیفلیجبوو، نەخۆش و گۆج و لەڕو لاواز. کە بەخوێنبەخشـــین نەبێت خۆی راناگرێت. لێرەوە ڕۆماننووس وەک ئەوەی بە ئاماژە پێمان دەڵێت، خوێن لەســـەرەتاوە تا کۆتایی، ســـەرەکیترین وشەی ئەم رێگایەیە، ئاسۆییەکە بەردەوام واتای نوێ بە ژیان دەبەخشێت. بێ خوێنڕشتن هیچ شتێک نـاچێتە پێشـــەوە، وەک ئەوەی جووڵە لەم جیهـانەدا بەســـترابێتەوە بە جووڵەی خوێنەوە، خوێن رووناکی و تاریکی پەیدا دەکات، خوێن واتا بە بوون دەدات! لە نێو ئەو خوێنەدا چاوەڕوانی کەسـێک و زەمەنێک و شـتێک دەبێتە وشـەیەکی تری سـەرەکی بۆ جووڵەی جیهانێکی وەسـتاو لە نێو خوێندا! جیهانی کۆڵانێکی تاریک و تەنگەبەر، پەناگەی کۆمەڵێ مرۆڤی ماندوو و کەسـاسـی شـارێکی کۆن کە ئێستا سیمای ئازار و نەهامەتی و خەمی گرتووە.

بۆ زیاتر ڕەخنەگرتن لە پیاوانی بەناو شــێخ، کە کۆمەڵگە پایەی ئەوانی بەرزکردبوویەوە ئاوا بۆمان ڕاڤەی فێڵەکانی دەکات(( من تا نەخنکام نەمزانی شێخی زەنەک، کەڵەکەباز و ساختەچی بووە، هەموو ئەو ناوانەی خستبوویانە پاڵی، درۆیەکی گەورە بوو، دەیانگووت: لەسـەر ئاو دەڕوا و دەچێتە ناو زگی چاڵاو و هەســـتێل و زەنەکەکان، ئاو فەرمانی پێکراوە کە شــێخ نەخنکێنێ. ئەو تەنیا لەبە چاوی خەڵکی خۆی دەخســـتە نێو گۆم و لە ژێرەوە نەهەمان شــێوەی کە من پێیدا تێپەڕیم لەودیوی ڕەوەزی شاخەکانەوە لە نێو تاڤگەی ڕووساک دەهاتە دەرەوە....مورید و دەروێشانیش دەیانکردە شین ڕۆڕۆ و مەدد مەددێـک دونیـایـان دەخوارد، تومەزانە شــێخی ڕێوی کونەکەی منی دۆزیبویەوە))( کاوانی، 2020: 231-232). دەرخســـتنی نییەتی پیاوی ئاینی و کەســـایەتییەکان ڕۆماننووس زۆر مەبەســـتییەتی وەســـفی ڕاســـتەوخۆ یان بە گوزارشـــت کردن لە کردارەکانیان ناخیان دەربخات بۆ خوێنەرانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا ڕۆماننووس بە دوو وێنە وەسفی ئەم جیهانە دەکات، یەکەمیان لە قوڕ چەقینی (جیقۆ فشـە)و ونبوونییێتی دوای ئەوەی ئاو دەیبات، دووەمیشـیان گیرخواردنی (بێزۆی سـیناوخۆر)ە لە نێو زێرابدا و بزربوونییێتی. ئەم دوو ڕووداوە هەم هێزی ســرووشـــت و هەم هێزی مرۆڤ لەم جیهانەدا دەداتە بەر باس، یەکەمیان وا دەکات مرۆڤ رقی لە هێزی ئەم ســرووشـــتە ببێتەوە، واتا پێوەندی سرووشتی نێوان سرووشت و مرۆڤ تێکدەشکێ، دووەمیش کە شارەوانی سەری زێرابێک دەگرێت و یارییەکی منداڵانە دەکاتە کارەسات.

**د- ئەرکی ئایدۆلۆژی:**

لە ســپاردنی وەســف بۆ ئەم ئەرکەدا ڕۆماننووس ئایدیا و بیرکردنەوەکانی دەگوازێتەوە نێو دەقەکانی کۆمەڵێک چەمک دەوروژێنێ( ئایین، کۆمەڵگە، ئایدیا) و هەروەها دیاردە شـــیدەکاتەوە و ڕەخنە دەگرێ لە پیاوانی ئاینی و دەســـەڵات، کارە قێزەوەنەکانی کۆمەڵگە زەق دەکاتەوە (کوشـــتنی باوک) میری میران بەدەســـتی کوڕەکانی، دەبێتە ســـەرەتای شـــەڕێکی نەپســـاوە لە نێو دینەکاندا، مزگەوت و پەرستگە و کڵێسـا و ئاتەشـگەکان دەسـووتێندرێن. هەموو دینەکان هەم لە یەکدی و هەم لەخەڵکی ئاوارە و غەریب و نامۆ دەبن!

(مەلا خدر، ماخە، قریاقۆس و ئەلیکترا)، ئەو چوار کەسانە کە هەر یەکەیان ڕەمزی دینێکن و لە یەک بنەماڵەن. هەر یەکەیـان غەریبـانە تووشـــی جۆرە ژیـانێـک دەبێت. مەلا خـدر کوڕەکەی کە (شـــێمرازە) لە شـــاری فومەن بەجێدێڵێت، شـــێمراز ڕێگەی (عیرفان) دەگرێت و لە ئاییندەدا دەبێتە خاوەن تەریقەت و موریدی تایبەت بە خۆی دەبێت. (میخۆی کوڕی ماخەیش) دەگاتە شاری فومەن و شێمراز دەبینێتەوە. میخۆ دەبێتە ڕەمزێک بۆ مرۆگەلی یاخی و خۆپیشـاندەر و دواتریش ون دەبێت. (ئۆدیـب) وەک وەچەی (ئەلیکترا) و (تۆمـاســـی عەفلەق) وەک وەچەی (قریـاقۆس) دەکەونەوە. ململانێی وەچەکانی پێشـــوو و پێشـــووتریش لەگەڵ ئەمانیشـــدا درێژ دەبێتەوە. وەک میخۆ دەڵێت: (مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە). تا دەگاتە (نارسیس و بێزەواڵ و مێناز).

تا ئێرە ئەمانە رووداوگەلی گرنگی بەشی یەکەمی ئەم رۆمانەن و لە ژێر ناوی پەتای دەنگ نووسراون. لێرەوە رۆمانەکە بۆ ئاستێکی تر بە ناوی (چێژی خوێن) دەگوازێتەوە.

لێرەدا رۆماننووس دەمانباتەوە نێو هەرێمی چوار رەنگی (زەرد و سپی و سوور و سەوز) رەنگەکانی ئاڵای کوردستان و هەرێمی نێرگز و خوێن و گوڵ و پارچەی جیاواز و فەرمارەوایی جیاواز. سنوور دەکێشرێن، پەرینەوە قەدەغە دەکرێت. کوشتن دەبێتە سزای ئەو هاونێرگزانەی هەولی سنوور بەزاندن دەدەن. ژمارە (چوار) وەک هێمایەک لە شوێنی دیکەی نێو رۆمانەکەش دووبارە دەبێتەوە، وەک (چوار هاوسەرەکەی میر ئەمبێز). هەروەها ژمارەی تریش وەک (سێ) لەم رۆمانەدا دووبارە دەبنەوە. وەک برادەرەکان (میخۆ، شێمراز، قۆیتاس)، یان ( نارسیس، جیقۆ، بێزۆ) دواتریش (عەدۆ) جێی بێزۆ دەگرێتەوە، تا هەر بە سێ کەسی بمێننەوە، رۆماننووس هێمای چوار هەرێم و چوار کەس و چوار بنەماڵە بەکاردەهێنێ بۆ چوار پارێزگاکەی کوردستان و چوار رەنگ بۆ رەنگەکانی ئاڵای کورستان، دواتر زۆر جار وشەکانی (خمکێش، رەش، کوشتن، بێزاری، قوڕ و لیتە،...هتد) هێمایەکن بۆ نا لەباری دۆخی دەروونی خەڵک لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا. دەکرێت هەرێمەکانیش کە ژمارەیان چوارە گوزارشت لە چوار پارچەی کوردستان بکات کە پڕییەتی لە ئایین و ئایینزاکان، کە رەنگە لە داهاتوودا شەڕی نەتەوەیی کە شەڕ دەکات لەسەر گێڕانەوەی خاک بگۆڕێت بۆ شەری ژیاری و شارستانی ئایینەکان و پێکدادانی هزری دروستبێ، بێگومان ئەرکی رۆماننووسە پێشبینی رووداوەکان بکات کە رەنگە لە داهاتوودا روو بدەن.

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-** وەسف وەکو تەکنیکێکی گرنگ لەنێو دەقەکان بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی جوانی و فۆڕمێکی تر بە بەقەکە دەبەخشێت و زیاتر چێژ بەخوێنەر دەبەخشێت.

**2-** ڕۆماننوس لەنێو ڕۆمانەکەیدا مامەلەیەکی سەرکەوتووانەی لەگەڵ وەسف کردوە و زیاتر گێڕانەوەکانی بەرێگەی وەسفەوە بۆخوێنەر دەگەیێنێت وکەسایەتی و ڕووداوەکان شیدەکاتەوە

**3-** بەگشتی چەندین جۆری وەسف لە نێو ڕۆمانەکەیدا بەکارهاتوە، لەنێو جۆرەکانی وەسفدا، وەسفی کەسایەتی یەکێکە لەو جۆرانەی، کە زیاتر ڕەنگی داوەتەوە و زیاتر کەسایەتییەکانی بۆ خوێنەر شیکردۆتەوە و ناساندویەتی، بەشێوەیەکی زۆرفراوان لە نێو ڕۆمانەکەیدا بەکارهاتووە.

**4-** ئەرکی وەسف یەکێکی ترە لەو لایەنانەی کە لە نێو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، لەمەشدا زیاتر لە چەندین ئەرک دەبینرێت وەکو ئەرکی ( وێناکردن و ڕاڤەکردن و ئایدۆلۆژی) لەنێو ئەمانەشدا ئەرکی شیکردنەوەی بۆ خوێنەران کردووە. وایکردووە خوێنەر ببێتە تەوەری بیکردنەوە لە نێو ئەو هەموو ئاڵۆزی شەڕ و پێکدادانەکانی هوشیاری ئاینی و بەرژەوەندی.

**5-** کۆمەڵێک هێمای بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی دیاردە قێزەوەنەکانی ( ئایین، دەسەڵات، کۆمەڵگە، عادەت) کە خوێنەر بە ئاسانی کۆدەکانی پێناکرێتەوە، واتا ڕۆمانێکی هێما ئامێزە تەنانەت ناوەکانیش هێمایەکن بۆ وەسفی کەس و کەل و پەلی دەوروبەرمان وەک ( شێمراز، چوار هەرێم، ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان، قسەنەکردن و ڕەخنە نەگرتن لە چوار هەرێمەکە، کوشتن، ئایینەکانی کوردستان).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوەکان:

- زمانی کوردی:

1- ئەردەلان شوکر سابیر (2009) ،تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس) دا،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.

2- ئەلوەنی، نەجم (٢٠١١) ،لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لە بارەی ڕۆمانی کوردیەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

3- ئیبراهیم، سەمیرە ئەحمەد (2015) ،هونەری گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (خوسرەو جاف) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین ،هەولێر.

4- ئیسماعیل، سەباح (2009) ، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،چ1،ئاراس،هەولێر.

5- صـالح، ئاوارە کماڵ (٢٠٢٠)، شـێواز لە ڕۆمانی کوردیدا ڕۆمانەکانی عومەر کاکە سـوور بەنموونە، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

6- عزیز، قمری سعید (2006)، وةسف لة بةرهةمی نالی و سالم و کوردی دا نیوةی یةکةمی سةدةی نؤزدةیةم، نامةی ماستةر، طؤلیَذی

7- عەبـدوالخـالق، ئەحمەد محەمەد ئەمین (2011) ،بنیـاتی هونەری حەیران لەئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا،نامەی ماستەر ،زانکۆی سەلاحەددین ،هەولێر.

8- عوسمان، کاروان مەهدی (2008) ،تەکنیکی وەسف لە ڕۆمانەکانی ( بەختیار عەلی ) دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ، زانکۆی کۆیە ،کۆیە.

9- محەمەد، تانیا ئەسـعەد (2011)،بنیای شـوێن لەدوونموونە ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە، ئەژدیها) ،چ1، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،سلێمانی.

10-کاوانی، دڵشاد( 2020)، ڕۆمانی بەڕێگاوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چنگڵ، تاران.

**11**-گەردی، سەردار ئەحمەد (**2004**)،بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا(**1970**–-**1991**)،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی

ب/ زمانی عەرەبی:

**12**-الحسون، مكى محمد(**2016**)، اللغة الواصفة في الرواية (البحث عن وليد مسعود لجبرا ابراهيم جبرا، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية و الانسانية، جامعة بابل، العدد (**30**).

**13**-رويقي، رزيقة (**2021**) ، تقنيات الوصف في رحلة الافادة و الاعتبار، لعبد اللطيف البغدادي، مجلة العلوم الانسانية، المجلد(**31**)- عدد(**4**).

**14**-سعيد، جميل (د) (**1948**) ،الوصف فى شعر العراق،مطبعة الهلال،بغداد.

**15**-شمالي، نضال محمد فتحي (٢٠٠٦)، الوصف في الخطاب الروائي و ابعاده التقنية، زياد قاسم انموذجا، مجلة دراسات العلوم الانسانية، المجلد(**33**)، عدد(**1**).

**16**-كريس،نانسى(**2009**)، تقنيات كتابة الرواية، الدار العربية للعلوم الناشرون، ترجمة: زينة جابر ادريس، طبعة الاولى، بيروت.

**17**-محفوظ، عبداللطيف (٢٠١٦)، وظيفة الوصف في الرواية، الدار العربية للعلوم الناشرون، الجزائر.

**18**-المزيجي، عائشة عبدالله ناصر (٢٠٢٠) ، الوصف في الاعمال القصصية الكاملة الاولى لصالح با عامر، مجلة جامعة البيضاء، العدد (**2**).

**19**-لحميداني، حميد(**1991**)، بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، المركز الثقافي العربي للطباعة و النشر، بيروت.

**20**-نجيمي، حسن (٢٠٠٩) ، شعرية الفضاء، المركز االثقافي العربي، ط**1**، الدار البيضاء، المغرب.

**21-همفری، روبرت (1975) ،تيارالوعى فى الروايه الحديثه، ت:د.محمود الربيعى، ط2، دارالمعارف،القاهره.**

## الوصف في روايةِ "على الطريق" لدلشاد كاواني

**الملخص**

جاءَ هذا البحث بعنوان ( الوصف في روايةِ "على الطريق" لدلشاد كاواني ). يُعد الوصف أحد الجوانب التي يلجأ إليها الكُتاب في كثير من الأحيان لمزيد من الشرح والإسهاب في الموضوع والأحداث وإظهار الأماكن والشخصيات، ففي الرواية نشعر اكثر بهذا الأسلوب –أي الوصف- مقارنة بالنصوص الأخرى، وهذا لغرض توسيع نطاق الرواية والذي يتطلب مزيدًا من المعلومات حول الأحداث والشخصيات والأماكن.

فقد تعاملَ الروائي في هذه الرواية بنجاح مع هذا الأسلوب، ونجحَ في وصف الأحداث والمشاهد المتنوعة والأماكن والشخصيات والجوانب النفسية للشخصيات وتناول أنواعه، بالشكل الذي تناول في كل نوع من أنواع وصف التعبيرات المختلفة والمثيرة للاهتمام، وعلى هذا النحو فقد اطفى كل تعبير منها أسلوبًا آخرًا للرواية، والذي يتعلق اكثر بقدرة وشعور وتعامل الروائي في كيفية التعامل مع مواد اللغة، ولهذا السبب أستطاع بهذه الاوصاف المختلفة، إعطاء الرواية جمالًا ومحتوًا جذابًا وأن يجذب انتباه القارئ نحوه، بحيث يجعل من القارئ يرى مع كل وصف مشهدًا مختلفًا وجديدًا وشيقًا وأن يترقب وصف ومشاهدَ أكثر تميزًا؛ مما يجعل القارئ يواصل القراءة إلى نهاية. وحاولنا هنا باستخدام المنهج التحليلي لتحليل أسلوب الوصف في هذه الرواية والتعرف على أهم أنواع الوصف المستخدمة فيها.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Description in Dilshad Kawani's novel (On the Way)

**Talaat Mohammad Azeez**
Department of Kurdish language, College of Education Akre, University of Duhok, Duhok, Kurdistan Region, Iraq
Talaat.mohammad@uod.ac

**Hawkar Jameel Mohammed**
Department of Architectural Technique, College of Technical Shaqlawa, University of Erbil Polytechnic, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hawkar.mohammed@epu.edu.iq

## Abstract

This research is entitled (Description in Dilshad Kawani's novel (Baregawa). Description is one of the aspects that writers often turn to further explain and continue the plot and events, and further describe places and characters. This is more to expand scope of the novel and requires more information about events, characters and places.

The novelist has successfully dealt with this technique in the novel, successfully describing various events, scenes, places, characters and psychological aspects of the characters, and dealing with the different types of description, that in each type of description, he has exposed interesting and expressive narrations. Thus, each of these expressions has given the novel a different style, which is more related to the novelist's ability, feelings and behavior than how to deal with the tools of language. Therefore, he has been able, with these different descriptions, to create beauty and attractive content in the novel, and attract readers' attention in such a way that makes the reader to see, with each different description, different, fresh and interesting scene and to expect descriptions and scenes that are more different. This forces readers to continue reading up to the end of the story. Here, we have tried, with a technical analysis approach, to analyze description and identity the most important types of analyses used in the novel.